
پەروەردەی هەرزەکاری



ئەو نەخۆشیانەی

بەهۆی سێکسەوە دەگوازرێنەوە

بەشی چوارەم

24258

Preview sample - page 1 of 8 - Soran University Academic Digital Library

١٥٠

پەروەردەی هەرزەکاری

Adolescence Education

ئەونەخۆشیانەی بەهۆی سێکسەوە بلاوەبنەوە

Sexually Transmitted Diseases

زانکۆی سۆران
بەش:
ڕێکەوتی تۆمارکردن: ١ / ١ / ٢٠
ژمارەی تۆماری کتێب
24258

بەشی چوارەم/ Module Four

وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە

ئەکرەم قەرەداخی — فەیزوڵا ئیبراهیم خان

سەدرەدین عارف — سەردار سەیدا

فەرمانگەی هەرێمی سەرەکی یونسکۆ لەئاسیاو
ئۆقیانووسی هێمن/ بانکۆك

Preview sample - page 2 of 8 - Soran University Academic Digital Library

لەسەر ئەرکی ڕێکخراوی D.C هۆڵەندی

کراوە بەکوردی و چاپکراوە

ژمارەی سپاردنی (٨٤) ی ساڵی ٢٠٠٢ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری

پێ دراوە

Preview sample - page 3 of 8 - Soran University Academic Digital Library

پەروەردەی هەرزەکاری

بەشی چوارەم

نەو نەخۆشیانەی بەهۆی سێکسەوە دەگوازرێتەوە

پێشەکی

پێشینە

لە سیمینارێکی راوێژکاریی هەرێمیدا کەساڵی ١٩٨٦ لەلایەن UNESCO PROAP بەڕێوە چوو لەشاری بانکۆك دەربارەی هۆشیاری و پەروەردەی دانیشتوان کەتیایدا لایەنە پەیوەندارەکانی(٢٧) وولاتی ئاسیاو ئۆقیانووسی ئارام (Pacific) بەشدار بوون ئەوەیان خستە ڕوو کەوا پێویستە پرۆگرامەکانی پەروەردەی دانیشتوان بایەخێکی زۆر بەپەروەردەی ژیانی خێزانی بدات و هەروەها ئەو کێشەو گرفتانەی پەیوەندییان بە ووزەو توانای هەرزەکارانەوە هەیە لەڕووی پیتێن وزاوزێ وە.

خێزان، هەروەکو یەکێك لەدامەزراوە سەرەکیەکانی مرۆڤ دەبێتە چەقی پرۆگرامەکانی نەتەوەیی بۆ پەروەردەی خێزانی هەرێمەکە. هەند لەوولاتانی وەك مالیزیا، ئەندونیسیا، فیلیپین، تایلاند و ڤێتنام ڕووی ئاڕاستە پرۆگرامەکانیان چڕکردوەتەوە بۆئەوەی پانتاییەکی فراوان بگرێتە وە لەمیانەی ئامانجە پەروەردەییەکاندا. لەو وولاتانەدا پەروەردەی ژیانی خێزانی هەروەك بەشێك لەپەروەردەی دانیشتوان لەپێناوی فەراهەم کردنی ئەو ئامانجانەی خوارەوەدایە :

Preview sample - page 4 of 8 - Soran University Academic Digital Library

١- تێگەیشتنێکی باشتر لەگۆڕانکاریە جەستەیی و (هەستەکان)سۆزداریەکانی پەیوەست بەگەشەکردن .

٢- سەقامگیرکردن وچەسپاندنی پەیوەندییە تاکیەکان (کەسیەکان) ی ناوخێزان و هاوڕێیان وکۆمەڵ بەگشتی .

٣- پەرەپێدانی ئەوزانیاری و بایەخانەی پەیوەندیان بەژیانی هاوسەرێتی سەرکەوتوو، منداڵبوون ولایەنەکانی دیکەی پەرەپێدانی خێزانەوە هەیە .

یەکێك لەبەشە سەرەکیەکانی پەروەردەی خێزانی بەندە بە زاوزێ لەناو هەرزەکاراندا کە دەوڵەتە تازە پێگەیشتوەکانی نیگەران کردووە. داتاکان (بیانات) ی نووسینگەی کاروباری دانیشتوان مەزەندەی وایە کە (٦٠٪) ی دانیشتوان لەوولاتە تازەپێگەیشتوەکان داتەمەنیان لەژێر ٢٥ ساڵیدایە و (٤٠٪) یش تەمەنیان لەژێر ١٥ ساڵیدایە .

بەڵانی کەم سالانە (١٣) ملیۆن حاڵەتی منداڵبوون لەناوهەرزەکاراندا ڕوو دەدات. لەسڵی ١٩٨٥ لەسەراپای جیهان دا نزیکەی (٢٤٥) ملیۆن ژن تەمەنیان لەنێوان (١٥ -١٩) ساڵان دا بوو. لەناویاندا ٨٢٪ لەوولاتە تازە پێگە یشتوەکان و سێ چارەکیان لەئاسیادابوون. وامەزەندە دەکرێت ئەو ژمارەیەلەساڵی (٢٠٢٠) لەوولاتە تازە پێگەیشتوەکاندا بگاتە (١٧) ملیۆن .

تا ئێستاش لەهەندێك وولاتدا ئەو تەمەنەی کەتیایدا ژیانی هاوسەرێتی پێکەوە دەنرێت زۆر نزمە، بەڵام لەهەندێك وولاتان دا لەبەرزبونەوەدایە. لەلایەکی دیکەشەوە لەدەرەنجامی باشتر بوونی بواری خۆراك و تەندروستی، کوڕان زووتر دەگەنە تەمەنی پێگەیین

Preview sample - page 5 of 8 - Soran University Academic Digital Library

وکچانیش زووتر بانق دەبن. لەو کاتەی بەرزبونەوەی ئاستی تەمەنی پێکەوە نانی ژیانی هاوسەرێتی، ئامانجێك لەئامانجەکانی پەروەردەی دانیشتوان بەدی دەهێنرێت کە پێکەوەنانی هاوسەرێتی درەنگ وەختە. هەرچەندە ئەمەشیان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێك گرفتی پەیوەست بەتوانای زاوزێی هەرزەکاران لەهەندێك وولاتدا.

ئەو گرفتانەش لەهەندێك وولاتدا بریتین لە منداڵبوونی ناشەرعی، دووگیانی بوونی کچانی هەرزەکار ولەباربردنی ناشەرعی. دووگیانی بوونی کچانی هەرزەکاران و منداڵبوون مەترسیەکی گەورەی هەیەبۆ سەر باری تەندروستی دایکەکەو منالەکەش هەیە هەروەها دەبێتە هۆی کێماس لەپەروەردەکردنێکی باش ودابەزینی هەڵی کارو هەڵاوسان لەڕێژەی بەرزی گەشەکردنی دانیشتوان دا .

ئەو گرفتانە بوونە هۆکار بۆ پەرەپێدانی پەوەردەی ژیانی خێزانی و گەڕان بەدوای زانیاری و ئامرازەکان لەو مەیدانەدا . بەپشت گوێخستنی ئەو ستوومڕانەی کەڕەنگە بێنە ئاراو، پرۆگرامەکانیراوێژکاری هەرزەکاران و پەروەردەی خێزانی بەشێوەیەکی جیدی لەلایەن هەندێك وولاتەوە بایەخی پێدەدرێت. ئەو بایەخ و گرنگیەی کە لەلایەن رێکخراوی UNESCO بەپەرەپێدان و بەرەوپێشچوونی پرۆگرامی پەروەردەی دانیشتوان دەدرێت دووبەندی ڕاهێنان بەرهەم دێنێت کەدەکرێت بۆ پەروەردەی ژیانی خێزانی بەکاربهێنرێت. بەندی یەکەمیان بریتیە لە ((پەروەردەی ژیانی خێزانی)) کەتەرخان کراوەبۆ یارمەتیدانی گەنجان لە قۆناغی

Preview sample - page 6 of 8 - Soran University Academic Digital Library

گەشە جەستەیی وکۆمەلایەتی و هەستیو رەوشتیدا ئەو ماوەیەی کە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ چوون بەرەو قۆناغی هەرزەکاری، پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی، باوکایەتی و دایکایەتیو بەسالاچوون هاوشان لەگەڵ بەها کۆمەلایەتیە کلتوریەکانی ناوخێزان و کۆمەڵ، هەروەها ئەو بەندە بریتیەلە وانەکان و چالاکیە فێرکاریەکان کەبەش بەش کراوەتە سەر شەش بابەت کەبریتین لە:

- ناونیشان .
- چەمکی خێزان .
- جۆرەکان و ئەرکەکان .
- ڕۆڵی خێزان .
- پەیوەندی و بەرپرسێتیەکان .
- خولەکانی ژیانی خێزانی .
- پێداویستی و سەرچاوەکانی خێزان .
- پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی و بەرپرسێتی باوکایەتی و دایکایەتی و نەخشەو پلانی خێزان .

بەندی دووەمیان بریتیەلە ((پەروەردەی سێکسی)) هەروەکو هەوڵێکی ئەزموونی بەبنەماشیکاری و پێشنیارەکاندا چوونەوە لەڕاپرسیەك وەرگیراوە کە لەهیندستان، چین، فیلیپین، ئەندونیسیا، تایلاند و دورگەکانی پاسیفیك وەنجامدرا. هەندیکیان پێیان وابوو کە ناونیشانی((پەروەردەی سێکسی)) لەوولاتەکانیان قبوڵ ناکرێت و گەر بێتو دەستەواژەیەکی گونجاوتر بۆ ئەو بەندەیان بدۆزنەوە ئەوا دەتوانرێت بەرفراوانتر بەکاربێت .

Preview sample - page 7 of 8 - Soran University Academic Digital Library

بۆیە ئەو بەندەیان ناونا ((پەروەردەی هەرزەکاران)). چەندەها پێشنیار خرانە بەردەم UNESCO لەپێناوی بەرەوپێش بردنی ئەو تەوەرەدا.ژمارەیەکی زۆری ئەو پێشنیارانە لەدوتوێی ئەو پێداچوونەوە تازە بەرجەستەکراون ، هەرچەندە زۆربەی پێشنیارەکان بەتایبەتی ئەوانەی پێویستیان بەلێکۆڵینەوەیەکی زیاتر هەیە و نابێت چارەسەرکردنیبابەتە سەرەکیەکە فەرامۆش بکرێت لەبەر دووهۆ :-

یەکەمیان: ئەو بەندە دەرەنجامی زانیاری ریزبەندکردنی چالاکیەکانی (PECH) ە هەروەکو بنەمایەکی سەرەتایی لەپێناوی پەرەپێدانیدا .

دووەمیان: هەندێك لەوانەی کەڕاپرسیان لەگەڵ کرا بۆ ئەوەی شیکردنەوەیەکی قوونی ئەو سوردێرانە بکەن کەوا بەشێوەیەکی سروشتی سۆسیۆلۆژیانە وئەنترۆ پۆلۆژیانە کۆمەڵەکە ئاڕاستە بکەن.

ئەو ڕاهێنانەی لەلاپەڕەکانی کۆتایی ئەوکتێبەدان تەنها بەمەبەستی پەرەپێدانی تێگەیشتنێکی باشتری گۆڕانکاری لەڕووی جەستەیی وهەستیەوە خراونەتە ڕوو کەپەیوەندی بەگەشەکردنەوە هەیە و ەوە نیشان ئەدات کە چۆن هەندێ هۆکارە کۆمەڵایەتی وکلتوری و ڕەوشتیەکان کاردەکەنە سەر ئەو قۆناغەی پێگەیشتنی هەرزەکاران .

Preview sample - page 8 of 8 - Soran University Academic Digital Library